# ئەستێرەکان



ئەستێرەکان پڕوسکی پرسیارن
ئاشق دەڵێ چاوی یارە...
ئاین دەڵێ نەخشی پەروەردگارە...
نامۆ دەڵێ لە وڵاتیشمدا دیارە....
سروشت  دەڵێ ژێردەستی شەوگارە :
گەر کڕنوش بۆ تاریکی نەبات
شتێکی بێبەهاو نادیارە...
ئەمن دەڵێم ڕوحی بێدەنگن
ساتێ کە سەرنجیان دەدەم
هۆشم لەئاست هەست شەرمەزارە...
ئەوجا دەزانم بێدەنگیش زمانە
ویستی هەنگە بۆ گوڵ،
ئاوازی بولبولە بۆ ژوان،
زریکەی خەونە بۆ ڕاستی
کاتێ کاسەی حەزیش پڕبوو
دەنگ  دەربڕینی لێ  خەسارە

چەلەنگ بەرزنجی
2006/01/23 لایدن